www.kurdistannet.org
8-3-2007 1:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

3/16ی پار! ... زەکەریا مەحمود

سوید

بە داخەوە لە کاتێکدا یادی 19 ساڵەی هەڵەبجە ئەکەینەوە کە ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار، ئەمساڵیش شارێکی وێران و خەمێکی پڕ لە ئازار و زامێکی ساڕێژ نەبووی ئێمەی هەڵەبجەی و نیشانەیەکی پرسیار بە ناوچاوانی دەسەڵاتی کوردیەوە.

یەک ساڵ پێش ئێستا و لە یادی ئەوکارەساتەدا و لە ئەنجامی ئەو روداوە بە کۆی دنگ پێتان وتین تیرۆریست و دەستی بێگانەتان لە پشتە چونکە ئێوە لە هیچ شتێکدا یەک نەبن لەوەدا کۆکن کە ڕێگەنادەن بە کەس پێتان بڵێت بۆ؟ بە داخەوە ئێمەش ئەوەندە گەمژەین کە زوو شتمان لە بیر ئەچێت وەک ئەوەی نە بامان دیبێت نە بۆران، نە بەڵێنمان گوێ لێ بوبێت نە پرۆژەمان لە سەرەتاوە ئاشبەتاڵی لێنەکرابێت. پار لە هەموو شوێنێک خەڵکتان پەلکێش کردە شارەکەمان و ئیهانەتان کردین هاتن و دژی ئێمە وتافتان کێشاو و لە خۆتان نەپرسی بۆ خەڵکی ئەمشارە وایان کرد و ئێمە بۆ چی ئەبێت بچینە هەڵەبجە دوای ئەورووداوە سەرزەنشتی گەنجانی ئەمشارە بکەین. ئێوە بە چ مافێکەوە هاتن و ئیهانەی ئێمەتان کرد، کوا قسە زلەکانتان دوای یەک ساڵ، ئەمساڵیش وەکو پار و ساڵێکیتریش وەکو ئەمساڵ. بە درێژایی 19 ساڵی رابردوو هەموو کەسێک و لایەنێک ئەوەیان سەلماند بۆ هەڵەبجە کە دۆستی نەبون و نین هەر بۆیە ئاسنی سەرد کوتانە لە گەڵ ئەواندا. ئەوەی بۆ من پرسیارو مایەی شەرمە کەسانێک بێ هیچ بیر کردنەوەیەک کەوتنە شوێن کەسانێک کە مایەی ئازاری هەڵەبجە بوون و لە خۆیان نەپرسی لە پای چی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.